**ليستي به بير هينانه و**

دوعاكردن بو مردووه كه
ته له فون بو مزگه وت كاتي په يوه نديدار
ته له فون كردن بو به شي به ر پرسي گور
په يوه ندي كردن به دايره ي سوسيال گه ر
پيويستت به يارمه تي كومه لايه تي هه بو
هه وال گه ياندن به كه سوكاري مردووه كه
دانه وه ي قه رزي مردووه كه پيش ناشتني
ئاماده كردني كفن پيش شوردني جه نازه
داواي وه فات نامه له شاره واني نه خوشخانه بو نفوس

كه سيك راسپيره بو ئه نجامداني هه مووكاره كان گه ر خوت پيت نه كريت

**به شي په يوه نديية كان**

مردنی کەسو کار یان کەسە نزیکەکانمان بۆ هەموومان ئەزمونێکی کاریگەرە وە ئازمونێکی بە ئاگاهێنانەوەیە لەسەر داهاتوەی هەموومان. ئەو کەسەی کە ماوەیەکی پێشوتر لێتەوە نزیك بوو ئیستا بەرەو .سەفەری خۆی بەڕێکەوتووە

سەرەڕای هەموو ئەو خەمو پەژارەی بەرنگاری دەبیتەوە وە ئەو هەستەی کە چێی باورکردن نیە بۆت، دەبێت بیرت بێت وە لە تواناتدا هەبێت چەند کارێك ئەنجام بدەی کە پەیوەندی بەم بارودۆخەوە هەیە. هەر لەبەر ئەمەش هەڵساوین بە ئامادەکردنی ئەم نوسراوە وە نوسراوێک لەسەر، چۆری ئەنجامدانی ئەو .کردارانەی کە پەیوەندی هەیە بەم بارودۆخەوە لەو کاتو ساتە نالەبارەدا

.خوای گەورە رەحم بە کەسو کاریتان بکات وە سەبووری دڵی ئیوە بدات لە کاتی ئەم بارودۆخانەدا

**ڕۆژی کۆچی دوای مردوەکە**

- پزیشك بەڵگەنامەی مردن دەنوسێتەوە لەسەر مردووەکە وە لەسەر مۆڵەتی ناشتنی مردوەکە
- پەیوەندی تەلەفونی بکە بە مە مزگەوتەوە، ئەوان یارمەتیدەر دەبن بۆ شوشتن وە ناشتنی مردەوەکە
- پەیوەندی تەلەفونی بکەن ئیدارەی ناشتنی مردوو وە ئیدرەی کۆمەڵایەتی لە بەشی ناوچەی خۆتان، ئەگەرهاتوو پێویستان بە یارمەتی هەبوو لەسەر خەرجیەکانی ناشتنی مردەوەکە.
- لە ڕێگای ئیدارەی ناشتنی مردوو دەکرێت هەموو سەفەرەکانی هاتوچۆ ئاماداکاریان بۆ بکرێت، لەگەڵ هەموو کارەکانی تری وە نوسینەوەی وەسیەتنامەی یاسایی مردوەکە.

- دەبێت کفەن بۆ مردووەکە ئامادەبکرێت. دەتوانن بۆ نوموونە لە دوکانی ”Eurokangas“ دەستان بکەوێت. ڕەنگی سپی بۆ کفەن گونجاوە. پێویست دەکات بۆ پیاو ۷متر بێت وە بۆ ژن پێویست دەکات ۱۰ مەتر بێت.
- بێتر بێت کەسوکاری مردوەکە ئاگادار بکەیتوە.

**ڕۆژی ناشتنی مردوەکە**

- ئەگەر لەناو کەسەوکاری مردەوەکان کەسانێك ئاماداکاریان هەبێت بۆ شوشتنی مردوەکە، پێویست دەکات ئامادەکاری شوشتنەکە ئاگادار بکرێتەوە. زۆربەی کاتەکان لە کاتی شوشتندا پێویست بە یارمەتی دەبێت.
- بە زووترین کات  مردەوەکە بپێچنەوە بە کفەنەکەوە.

**حەفتەیەك دوای کۆچی مردوەکە**

- داوای بەڵگەنامەی ناسینەوەی کەسایەتی بکە (Virkatodistus) لە ئیدارەی دادپرسی  (Maistraatti). ئەم بەڵگەنامە پێویستە لە کاتی نوسینەوەی وەسیەتنامەی یاسایی دوای مردن وە بۆ ئیشوکارەکانی بانق.
- لە ڕێگای بەڵگەنامەی ناسینەوەی کەسایەتی (Virkatodistus) دەتونیت هەموو خەرجیەکانی ناشتنی مردوەکە بکەیت.
- هەموو ئەو خەرجیانە ڕابگرە کە پارەی لەسەر دەکەوێت، وەکوو ئەو بەرنامانەی کە بە پارە ئیشیان پێ دەکرێت لە ئینتەرنێت. بەرنامەی زانیاری هاوڵاتیان (Väestötietojärjestelmä) لە ڕێگای نەخۆشخانە زانیاری وەر دەگرێت لەسەر مردەوەکە، لە دەرئەنجامدا هەموو کارتەکانی بانق ڕادەگیردرێن وە دواتر بانقی مردەوەکە ئیش ناکات.
- خەتی ئیندەرنیت  و موبایلی مەردەوەکە ڕابگرە.
- پەیوەندی بە (Kela) بکە لەسەر ئەو یارمەتیانەی مردوەکە وەری دەگرێت، وەکوو یارمەتی خانەنشینی خێزانی.

**۳ مانگ دواتر لە دوای کۆچی مردوەکە**

نوسینەوەی وەسیەتنامەی مردو دەبێت لە ماوەی ۳ مانگ ئەنجام بدرێت لە دوای ئەوەی مردوەکە کۆچی دوای دانی پێدا (Maistraatti)کردوە. وەسیەتنامەی یاسای دوای مردن لە لایەن ئیدارەی لە ئیدارەی دادپرس دەنرێت وە لە لایەن ئیدارەی باج، بری باجی میراتی دیاری دەکرێت.